www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:14 13-8-2007

دوو بەر پرسی کۆمەڵ ژنی دووەمیان هینا ... بەختەوەر

لەم مانگەدا دوو بەر پرسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ژنی دووەمیان هینا کەهەردووکیان کچن و تەمەنیان یەکی زیاتر لە 10 ساڵ لە خۆیان بچوکترە یەکێکیان چەند ساڵێکی ماوە لەتەمەنی منداڵەکەی خۆیدا بێت کەزیاتر لە 20 ساڵ لەخۆی بچوکترە، تائێرا بۆ خۆیان هەر

کەس سەر بەست و ئازادە کە چی دەکات، بەڵام ئەوەی مەبەستمە کەبیڵێم ئەوەیە کە لەناو ئەندامەکانی کۆمەڵ دا وەك نارەزاییەك زۆر باس لەم دوو حاڵەتە دەکرێت بەتایبەت ئەوەیان کە ژنی دووەمی زیاد لە 15 بۆ 20 ساڵ لەخۆی بچوکترە، ئەم بەرپرسەی کۆمەڵ کاتێك لە خورماڵ بوون زۆر کەم دەستبووە، بەڵام ئیستا بەهۆی ئەوەی کە هەوادارانی کۆمەڵ لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بە کۆمەڵ دا ئەو کرایە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و ئیتر ئەو بو بە خاوەنی سەیارەیەکی مۆدێل بەرزوو خانووی راقی لەسلێمانی و بیریشی لەوە کردەوە کەژنی دووەمی بهێنێت و دەبێت کچیش بێت تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووی جنسی خۆی بە شێوەیەکی شەرعی من قسەم لەسەر شەرعی و ناشەر عی ئەم باسە نیە تەنها ئەوە مەبەستمە کە دەبوو ئەو دوو بەر پرسەی کۆمەڵ کە بەدەنگی خەڵکەکەیان کرابون بە ئەندامی پەرلەمان یەکی پەرلەمانی کوردستان و ئەوی تریان پەرلەمانی ئێراقی پێشوو ئیتر بواری مادییان باش، کۆمەڵ پێشتر هێزێکی چەکدار بوون و خاوەنی سەدان شەهیدن دەبوو یەکی بێوەرژنێکی شەهیدەکانیانیان بهێنایە نەك بۆ ئارەزووی جنسی خۆیان کچی تەمەن بچوك بهێنن، ئەمە بووەتە مقۆ مقۆی ناو هەندێك لە ئەندامانیان چونکە ئەوان بانگەشە بۆ ئەوەدەکەن کە هاوکاری خەڵکی هەژارو نەدارانبکەن هەزاران ئەندام و هەواداریشیان هەیە لەبەر کەم دەرامەتی توانای خێزان پێکەوەنانیان نیە ئەو دوو ئەندامەی کۆمەل ئەگەر دوو ژنە شەهیدیان بیەَنایە ئەو کاتە کەس قسەی نەدەکردو نەدەبویە مقۆمقۆی ناو ئەندامەکانیان و بڵێن ئەو دوو ئەندامە بەرپرسەی کۆمەڵ ئەگەر بۆ ئارەزووی جنسی خۆیان نەبێت با یەکی ژنە شەهیدێکیان بهێنایە، حیزبی ئیسلامی وەك حیزبەکانی تر نابێت بیر بکەنەوە دەبێت ئاگایان لە خوار خۆیانەوە بێت ئەگینا چییان لەوان زیاترە. ئەندامێك لەو دوو بەر پرسەی کۆمەڵ ژنەکەی گواستووەتەوە بەلام ئەویتریان دلنیانیم کە گواستویەتیەوەیان نا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.